راوێژکارەکی باڵای عەلی خامنەیی: بەهۆی هێرشەکانمان بۆ سەر ئیسرائیل "زایۆنییەکان" شڵەژاون

راوێژکارەکی باڵای رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێت، بەهۆی ئەگەری هێرشی وڵاتەکەیەوە بۆ سەر ئیسرائیل، هەفتەیەکە "زایۆنییەکان" شڵەژاون.

یەحیا رەحیم سەفەوی، راوێژکاری باڵای عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بە میدیای وڵاتەکەی گوت، "هەفتەیەکە زایۆنییەکان تەواو شڵەژاون. ئەوان، نازانن ئێران چی دەوێت، ئەوەش وایکردووە خۆیان و پاڵپشتیکارەکانیان بترسن."

راوێژکارەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێت، "ئەم جەنگە دەروونی، میدیایی و سیاسییە زیاتر تەقەنەر بۆیان (بۆ ئیسرائیل) بەراورد بە جەنگی راستەقینە، چونکە هەموو شەوێک چاوەڕێی هێرش دەکەن و زۆرینەشیان هەڵاتوون و چوونەتە پەناگەکان."